

کۆرپەکانم
لەجیاتی ڕاکەڕاکی ناو گژوگیای بەهارو
باوەشکردن بە خۆرا,
ژێر زەمینەکان بۆتە جێتان .
لە جیاتی بۆنکردن بە بەهارو
گوڵە نێرگزەوە ,
ترسی بۆنتان لێنیشتووە .
لەجیاتی گوێگرتن
بۆ سەمفۆنیایی باران و
هەورە بروسکەی بەهار ,
تۆماهۆک و کرۆزتان بە سەرا ئەبارێنن .
چ سەیرێکە , کۆرپەکانم
چ چارە ڕەشییەکە بۆ ئینسان .

نەوزاد مەدحەت
22-03-2003